# پیاسەیە بەنێوسروتەکانی (سوتان لەنسرمی ئێوارە لێڵەکاندا)



نوسینی: تەهاسلێمان
taha sleman17@ yahoo.com

خا وەنی دیوانە شیعری (سوتان لەنسرمی ئێوارە لێڵەکاندا) لەنزیکەوە دەناسم وئاگاداریشم لەوەی (ئەو) هەمیشە کەم دەنوسێ وحەزی لەخۆ دەرخستن نیە، لەبری ناوی ڕاستە قینەی خۆشی(کۆژان)ی وەك ناوێکی خوازراو هەڵبژاردوەو کۆی نوسینەکانی پێبلاّدەکاتەوە. بۆیەلێرەوە ئێمە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی بەکاردینین، (مەحمود عەلی فەرەج) بەلاّم ئەوەشمان بیر ناچێ کە(کۆژان) ئەو ناوەخوازراوەیە کەقاڵبوی ئەندێشەیە بەمانا فراوانەکەی، وگەرمیانیش ئەوپانتایە سوتماك بوەیە کەشاعیرلێیەوە ئاشنای توخم وڕەگەزەکانی ئەندێشە بوەو بەردەوام دەیەوێلەنهێنی و سروتەکانی بگاو ئازارو ژانەکانی بکاتە شیعر. دور لەمجامەلە (مەحمود، ڕونتر(ئەو) دەیەوێ شیعر بکاتە ئاوێنستانی ئەندێشەی ژیان، ئیتر ژیان لەهەر بستەجێگایەکی ئەم گۆزەویە بێت . بەلاّم قەت زێدی خۆی لەبیر ناکا، واتا ئەوجێگەی کەلێیەوە ئاشنای ئەندێشەی ژیان بوە کەبێگومان گەرمیانی ئەنفال و سوتان و هەڵقرچانە. ئەکرێ لێرەدا بەپرسیارێك لە(شیعرو مەحمود) بدوێین، بەم شێوەیە: ئایا مەحمود شیعردەنوسێ یان شیعر وەك کایەیەکی مرۆیی مەحمودو ئەندێشە پێکەوە گرێ دەداو سەرەنجام هەردوکیان دەبنە تەواو کەری یەکتر؟ (مەحمود) لەژینگەیەکدا لەدایك بوەو ژیاوەوهەڵکەتوەو ڕاستی و ناڕاستی ژیانی ناسیوە، لێوان لێوە لەژان وئازاری بەسوێ. یەقینیشم لەوەی (ئەو) بێهەڵکۆڵینی ناوەخنی ئەندێشەو ئازار ناتوانێ بژی و چاوی یەك ڕستەی (شیعر)ی خۆی داخا .بەڵکو (ئەو) هەمیشە ئەندێشەوئازار لەڕێگای شیعرەوە دەینوسیتەوەو دەیەوێ ببێتە ئاوێنەنەی (قەیرە کچێکی گەرمیان، منالێکی جگەرە فرۆش و دەستفرۆش و ئاوفرۆش و پاشماوەی ئەنفال، کرێکارێکی بۆکروزلێهاتوی نێو دلڕەقیی ژیان، پیرەپیاوێکی لێکەوتەی بێدالّدە لەژیان، پێرژنێکی هەناسە ساردو ڕوخسار ونجڕ ونجڕ بو، گالۆکی دەستی شوانێکی پێدەشتی کاکی بەکاکی گەرمیان، تەنیایی پرزۆڵ پرزۆڵ بون ، خۆشەویستی پڕلەترس و داب ونەریتە دواکەوتوەکان) وهتد ئەمانە وزۆری تر دەبنە ئەو پانتایە فراوانەی جیهانبینی شیعر لای شاعیرو لەفۆرم و وێنەی شیعریی بالاّو زمانێکی پاراودا،دەیانوسێتەوە.یان بەمانایەکی ترو ڕونترشاعیر بۆساتێك لە زمان و جیهانە ناسکەکە ی(شیعر) دورناکەوێتەوەو وەك مەلەوانێکی شارەزا باڵەمەلەو پشتە مەلە وهتد خۆی دەکا.  وەك خۆشی دەڵێ (ئەو) دەکۆشێ ئاوینەی ڕەنگ دانەوەی ئەو بێدەسلاّتی و خوێن بەربون ولوتشکاندنەی مرۆڤەکان بێت کە بەردەوام دەسلاّت دەیان پلیشێنێتەوە،ئەوەتا هەرخۆی دەڵێ(من گەردەسلاّتدار بوبایەم شیعرم نەئەنوسی) کەواتە ڕۆژێك لە رۆژان شاعیرنەیوستوەو نایەوێ شیعر وەك ژانرێکی گرنگی ئەدەب بۆ پلەو پایەو پیاهەڵدانی ئەوانەی خوێنی مرۆڤ دەمژن وجەستەی مرۆڤ دەهاڕن بەکارбباوشاباشیان بکا. هاوکات نایەوێ لەڕێگای شیعرەوە ببێتە ئمپریاتۆریایی هانجاندنی جوانی وپرزۆڵ پرزۆڵ کردنی ئاوینەی ژیان. ڕەنگە دروستیش بێت بڵێین (مەحمود) کارایانە و شارەزایانە ئیش لەسەر سروتەکانی ئەم لایەنە دەکاوتوانیوییەتی وەك بەشەرمەوە هاتوەتە ژور،ئاوهاش بەسەلیقەوژیرییەکی تەواو مامەڵە لەگەڵ ڕستەو وشەووێنەو ڕۆحی شیعر بکا.

کەواتە بەر لەهەمو شتێ دەتوانین ئەوە بێژین کە(مەحمود) شیعر دەنوسێ و شیعریش (مەحمود) دەنوسیتەوە ،( شیعر) لای (ئەو) ئاوێنەو جیهانەیە کە خودی خۆیی و ژینگە و دەورو بەرەکەیی وکایە جیاجیاکانی ژیانی تیا دەبینێتەوە، بەدیوەکەی

تریشدا (شیعر) (ئەو) وەك ئەندێشەوئازار دەن خوێندوەیان، (مەحمود و شیعر وسێتەوە. بۆ ڕۆچونی زیاترو زانینی زیاتر دەتوانین بەم چەند نمونە شیعرییە و) بناسین.

**بۆزاوای زۆڵ(کاتێ دەستی کۆرپەیەکی**

**ناوشارەکەم**

**درێژئەبێت بۆگێرفانێ**

**زەوی دەگری**

**پەنجەی ڕووبار**

**شەپۆلێکە وئاوازی مەرگ**

**لەکەناری هەڵئەسێنێ**

**خۆریش  کچێ بڕاوە**

**لەحەژمەتی بوونە بوکیا**

**هەناوی خۆی ئەسووتێنێ**) لاپەڕە( 19)

شاعیردەیەوێ لەڕێگای ئەم شیعرەوە پێمان بڵێ من لەشارێکدا دەگوزرێم ، لەهیچ شارێکی ترناچێ و تژییە لەتراژیدیا. یان دەیەوێ بڵێ ئایا ئێوە دەزانن شارێك هەیە ناوی (کەلارە) و (من) تیایدا ڕۆژانەو سات بەسات لەبینینی وێنەو دیمەنە هەڵقر چاوەکانی ناو هەناویدا ، دەسوتێم و دەبرژێم. بدیوەکەی تریشدا دەیەوێ بڵێ لێناگەڕێم پرۆسەی ئەم هەڵقرچانە بەئاسانی بەسەرمدا بگوزەرێ ، بەڵکو تەنها شیعرە بۆ ئەو کە لێیەوە ئاوێنەی ئەم ڕاستیە دەبینێ ودەیکاتە دوامالێ ئاهی ئەو هەناسانە.

**وەك لەکۆپلەیەکی تری ئەم شیعرەدا دەڵێ:**

**ئەی کۆرپەلەی کراس تیتۆڵ**

**هۆشارەزای**

**شەقامی پڕکۆلانی چۆڵ**

**ئارام بگرە**

**ئاولەکاسەی سەرمابخۆرەوە**

**لاشەم لەتکە**

**بەوپێنج پەنجە وردیلانە**

دەستی پارە بۆ ویژدانم درێژمەکە)

شاعیر لێرەدا لەشتێ نادوێ کەبونی نەبێ، بەڵکو ئاهی هەناسەی منالێك دەنوسێتەوە کە ڕۆژانە دەستی پاڕانەوەی خێرو سەدەقەی لێپان دەکاتەوە ، بێگومان ئەم منالەش وێنەی دەیان وسەدان منالی تری ئەو دەڤەرەیە (گەرمیان) کە(مەحمود) تیایدا یەکەمین تالی موی چەناگەی سپی کرد، یاخود تیایدا(شاعیر) تاسەر مۆخ ئازار گوشیویەتی ودەیگوشێ. بۆیە ناتوانێ بەئاسانی دەستبەرداری ئازارەکنی بێت لەمنالێکەوە تا پەك کەوتەیەك وهتدلەوەش گرنگ تر ئەوەیە (شاعیر) ئەم ئازارە بەزمانێکی پاراو کەخودی منال و پەك کەوتەکانیش لێی تێدەگەن دەنوسێتەوە. ئەو دەترسێ ، ترس لەوەی کەدایکێك سوالْ دەکاو کۆرپەیەکی لەباوشدایە ، هەمان کۆرپە لەژێر چەقۆی بازاڕی بێسۆزو خۆشەویستیدا دەپلیشێتەوەو دەتاسێ . خەم دەخوا خەمی ئەوەی کێ چارەنوسی لێوان لێو لەمەترسی ئەم منالە دەرەوێنێتەوە. ئاخر ئەو ترسی لەوەیە کۆرپەی ئەم

کۆرپەیەش بەم دەردو ئازارەوە بتلێتەوەو بۆهەمیشە نەزانێ بزەی خۆشی ژیان چییە. کەواتە خەمی (محمود) خەمی تەنها

منالێك نیە کەبۆ دەرهەمێ یان دینارێ یاخود نانێکی گەرم یان چوکلێتێ وهتد لەپپان دەکاتەوە ،خەمی تەنها ئودایکەشی نیە کەکۆرپەیەك دەگریتە کۆلْ و بۆ(خێر) لەپ پان دەکاتەوە، بەڵکو خەم بۆ ئایندەی نەوەیەکی لەو شێوە دەخواو پێی وایە ئەوە غەدرو ناهەقیەکی گەورەیە بەمرۆڤایەتی ومایەیی بێدەنگ بون و قبولْ کردن نیە. دەسلاْتیش لەهەر کوێیەك بێت مەحکومە بەم تاوانە .

لەشیعری (کەلار) ولەلاپەڕە(29) دەڵێ:

## (ئای لەخەونی هەتیوێکی هەژار

## بەکراسێکی کون کونەوە

## کۆلاْن کۆلاْن بە پێی پەتی

## دەرگا بەکلۆم دراوەکانم ئەکوتی)

شاعیر دەیەوێ پێمان بلێ (ئەو) بەهەتیوی گەورە بوە(بێباوکی) ، و پێی پەتی وکراسی کون کونی لەبەر کردوە ، واتە حەزی کردوە وەك هەرمنالێك بەجلی جوان و لەژێر میهری باوکایەتیدا گەورەبێ، وەك نەریتێکیش لەکۆمەڵگای کوردیدا هەستی بەوەکردوە کەبێباوکی دەردێکی کوشندەیە وئێش وئازاری زۆرە، بەلاْم پێدەچێ ئەگەر (ئەو) باوکی بەمنالی جێی نەهێلاْیەو بەهەتیوی گەورە نەبوایە ، نەشیعری بنوسیایە و نەلەوێنەیەکی ئاوها بەرزی شیعریدا گوزارشتی لەخەمی هەتیوێکی پێپەتی و بێدەرەتان نەکردایە. وەکی تر ئەم منالە نەدەبوە جاڕدەری بەهار وەك لەشیعرەکەدا دەڵێ:

## دەبابڕۆین بەهارە

## (خڕی حاجی) مەمکەکانی پڕبونە لەئاوی تەزیو

## وەك یۆحەنا

## ئەولەکەناری ئەردەنەوە

## گوناهی خەڵکی دەشۆردەوە

## ئاوی خڕیش بێگوناهی ئێمەی دەخواردەوە)

ئەو (خڕ حاجی) کەدەکەوێتە ڕۆژئاوای (کەلار) و چەماوێکی بەهارەیە بەجوانترین وێنە ی ئەودەمەی منالی و هەتیوێتی خۆی دەزانێ ، بەلاّم دێت تەوزیفی دەکات بە هاتنی (یۆ حەنا) ، زیادڕۆیش نیە گەربلێین دوێنێ وئەمڕۆو سبەینێش ئەو منالێتییەی شاعیر مەبەستییەتی چاوەڕوانی سپی و بێدەرەتانی دەیان شێلێ و دەیان پلیشێنێتەوە. بەدیوەکەی تریشدا (ئەو) دەیەوێ لەناخی هاوڕێیەتی ئەو منالەدا بتوێتەوە ، ئازار بوەتە مێژوی دوێنێ و ئەمڕۆو ئایندەی. لەلایەکی ترەوە لەهایکۆ شعرێکی تردا بەناونیشانی (هەڕاجی هێزو سۆز)لاپەڕە(70) لەوێنەیەکی کاملێ و ئاستێکی بەرزی هونەریدا دەلێ:

**کاتێ بەهای هێزی مرۆڤ**

**وەکو سۆزی تیاترۆکان**

**هەڕاج کرا**

**جیهانێکی پڕ برسێتی**

**لەئارەقی کرێکاران دامەزرێنرا)**

ئەم شیعرەو ڕاڤەی ناوەڕۆکەکەی ئەو ڕاستیەمان بۆساغ دەکاتەوە کەئێشی شاعیر، ئێشێکی چینایەتیە و تێگەیشتنیشی لەمەسەلە چینایەتیەکان کالفامانەو سادە نیە.بەلکو تەواو گرێ دراوە بە سروشتی ژیانەوە، یان زادەی ململانێکانی سروشتی ژیان و توخم وڕەگەزەکانێتی. بەلاّم ئەو دێت بەزمانێکی سادەو وێنەیەکی پڕمانا مەسەلە چینایەتیەکان شیتەلێ دەکاو خورد دەکاتەوە و دەیەوێ خۆیی و دەوروبەرەکەی لێتێبگەیەنێ.

دەبێ مەسەلەیەکی لەم هەولە شیعرییەی (شاعیر)دا قسە لێبکەین ، ئەویش (ئەنفال)ە . ڕەنگە زیادڕۆیی نەبێ ئەگەر بلێین کەس وەك گەرمیانیەك لەنهێنییە سەخت وکوشندەو پڕلە تراژیدیاکانی (ئەنفال) نەگا. ئاخر (ئەنفال) کۆستێکە یاخەی کۆی تاکەکانی گەرمیانی تاسەر ئێسقان گرتوەو دوریش نیە گەربلێین نەوەی نوێی گەرمیان، لەئەنفالەوە فێری نوسین بون و ئێشی ئەنفال و مەترسییەکانی ڕای کێشاونەتە نێودنیای نوسین و ژانرەکانی ئەدەبەوە بەتایبەت (شیعر). (مەحمود) وەك نەوەیەکی پێش (ئەنفال) ئەم ڕاستیە دەزانێ و بەردەوامیش وەك شیعرو وەك نوسین لەنێو کایە جۆراو جۆرەکانی(ئەنفال)دا ئێشی کردوەونمونەیەکیش لەئێشەکانی ئەم دەقەیە،کەلەم دیوانەدا بلاّوبوەتەوە ،بەناونیشانی(ئەنفالە) لەلاپەڕە(74 ) بۆ (80 ) بلاّوبوەتەوە:

**(قسەی سولتّانە**

**باپیرم نەیتوانی درەوی پاقژ بێت**

**ئەگەرنا چۆن توانرا**

**دوای چەندسالێ بنوسرێ**

**کنایی پالەیی هەتا شارەزور**

**زۆرداری ئارەب کردنەی خاپور)**

شاعیر دەیەوێ بەسەرەتایەکی مێژویی دەست پێبکا ولەوێوە بگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی حیکایەتی ئەنفال (شارەزور) کەتیایدا

شمشێری پاڵەوانەکانی ئەنفال  پێش چەندین سەدە ، ئەنفالیان دەست پێکردو کوشتن و بڕین و تالآنیان حەلآڵ کردو کەزییەی ئافرەتی کوردییان   کردە نوکی شمشێرەکانیانەوە.

(قسەی سوڵتانە

شەرم وشکۆیەبۆپایەیی گەورەتان

مێژوومان پاك نەبێت لە خێڵی تێکدەران

من هێزی یەزدانم

قەڵەمی خۆشنوسی قورعانم

من یاساو فەرمانم

ممن خوێنی ڕژاوی

عەلی وعومەرو عوسمانم)

ئەو پێی وایە کلتورێك لەئەو پەڕی بەربەریەتیدا دوێنێ هێرشی هێنا بو، خوێنی ناهەقی دەڕژان و بەڕاست و چەپا هەناسەی  دەخنکان. ئەمڕۆش هەمان کلتور هێرشی (ئەنفال) دەست پێکردوەو جەستەو کلتورو رۆشنبیریمان تێك و پێك دەشکێنێ .ئەو پێی وایە(بەعس) بەرهەمی هەمان کلتورو بیرکردنەوەیە، بڕوانە چی دەنوسێ:

ئازارو نیسان ساڵێك بوو

میژویان بەخوێنمان ئەنوسی

بەزەیی بڕینی پەلوپۆی لاشە بو

باوەڕی ئاینیم لەنوکی شمشێری

وەقاسدا ئەبینی)

ئەوزیتر ڕۆدەچێ و دەبێتە پارچەیەك لەتراژیدیای ئەنفال ، ئەوەتا لەوێناکردنی دیمەنی پیرە پیاوێکدا لەنوگرە سەلمان دەڵێ:

پیرە پیاوێك لە چۆڵەوانی عەرعەردا

بڕیاری دا

ئیتر دەست نوێژ بەئاو نەگرێ

ئاگری کردە ئاو

بۆ تەڵقینی ئێسك وپروسکی

ئەومناڵەی

سەگەکانی عەجاجیکوڕی باپیری

## لەت لەتیانکرد)

**بەگشتی ئەگەر چی من پێم وایە ژان وسوێ وتراژیدیاو ژینگەیەکی داهێزراو،(مەحمود)ی والێکردوە ڕوبکاتە شیعر یان شیعر بنوسێ ،بەلاَم ڕاستیەکی تریش هەست پێدەکەم ئەویش ئەوەیە توخم وڕەگەزانەیە لەکۆنەستی (شاعیر)دا دەبنە پاڵنەرو دەیکەنە پارچەیەك لەشیعر. پێویستە ئەوەش بلێین (مەحمود) کەم دەنوسێ بە لاَم شیعر دەنوسێ و بەوریایشەوە مامەڵە لەگەڵ زمان ومۆسیقاو وێنەی شیعریدا دەکا.**

**ماوەتەوە بلێم ئەوقسانەی من لەسەر ئەم کۆ شیعرەی(مەحمود) نەڕەخنە ونە لێکۆڵینەوەن ، بەڵکو تەنها قسەو بەئاگابونی منن لە(شاعیر) و تواناو سەلیقەی شیعری، هیواداریشم بەم چەن قسەیە تۆزێك لەئەرکی خۆمم بەجێهێنابێت.**